

# وتە ئارام بەخشەکان



ئامادەکردنی: سۆما عبدالواحد

# وته ئارام بەخشەكان

ئامادەكردنی: سۆما عبدالواحد

٢٠٢٣

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

# پێشەکی:

ئارامترین دڵنەوایی خودا بۆ بەندەکەی، بریتییە لە وتە بەنرخ و پیرۆزەکانی خۆی، هەر وەک دەفەرموویت: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا﴾[1]، واتە: (خوا ﷻ جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە)، خوای گەورە ﷻ بەردەوام لە ڕێی قورئانەوە لەگەڵمان دەدوێت، ئێمەش پێویستە ئەوەی لە دڵماندا هەیە هەڵیڕێژین و لەگەڵیدا بدوێین، پێویستمان بە یارمەتی و خۆشەویستی (اللە) هەیە و بەردەوام ئاتاجی سۆز و میهرەبانی ئەوین، دەفەرموویت: ﴿فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾[2]، واتە: (دەسا ئێوەش شوێنی -ئەو قورئانە- بکەون و خۆتان لە یاخی بوون بەدوور بگرن، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێبکرێت)، لەویەڕی حەسرەت و پشکۆی دەروونت، لە قورسی ئەم ژیانەوە بخوێنەوە و متمانەت هەبێت کە هەمیشە خوا لەگەڵتە و ئاگای لێتە و هیچ کات جێت ناهێڵێت.

«خودایە بۆ چرکەیەک بە خۆمان مەسپێرە و دەستمان لێ بەرمەدە»، آمین

سۆما عبدالواحد
٢٠٢٣/١/١



[1] [الزمر: ٢٣]
[2] [الأنعام: ١٥٥]

﴿إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ﴾[1]

ئاگاداربن كه بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە



[1] [يونس: ٥٥]

﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾[1]

ئێمە لە شاڕەگی دڵی لێی نزیکترین.



[1] [ق: ١٦]

﴿أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾[1]

هەر بە قورئان و یادی خوا و (پابەندبوون بە ئایینەکەیەوە) خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.



[1] [الرعد: ٢٨]

﴿هُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾[1]

له هەر شوێنێک دابن ئەو زاتە لەگەڵتاندایە و پێتان دەزانێت.



[1] [الحديد: ٤]

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾[1]

هەردەمێك بەندەكانم دەربارەی من پرسیاریان لێ كردیت، من نزیكم...



[1] [البقرة: ١٨٦]

﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ حَسِيبًا﴾[1]

تەنها خوا بەسە بۆ لێپرسینەوە و چاودێری.



[1] [النساء: ٦]

﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾[1]

وەنەبێت پەروەردگاری تۆ هیچ شتێک فەرامۆش بکات.



[1] [مريم: ٦٤]

﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا﴾[1]

ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە...



[1] [الطلاق:٢]

﴿فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾[1]

خوا چاکترین پارێزەرە، هەر ئەو میهرەبانترینی میهرەبانانە.



[1] [یوسف: ٦٤]

﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾[1]

تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاری بەرز و بڵند و پایەدارت بکە.



[1] [الأعلى: ١]

﴿وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ اللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا﴾[١]

(بەردەوام) مژدە بدە بە ئیمانداران، کە لەلایەن خواوە ڕێز و قەدرێکی زۆریان هەیە.



[١] [الأحزاب: ٤٧]

﴿فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ﴾[1]

به پەلە و گورج و گۆڵ بن بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا.



[1] [الذاريات: ٥٠]

﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ ۘ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾[1]

ئەی محمد(ﷺ) قسە و گوفتاری ئەوانە غەمبارت نەکات، چونکە بەڕاستی ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە دەیشارنەوە و ئەوەش ئاشکرای دەکەن.



[1] [یس: ٧٦]

﴿إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ﴾[1]

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەی ئیماندار) چاوپۆشی زۆر فراوانە.



[1] [النجم: ٣٢]

﴿إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ﴾[1]

بیگومان پەروەردگاری من زۆر بە بەزەیی و میهرەبانە، زۆر بەسۆز و دلۆڤانە.



[1] [هود: ٩٠]

﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾[1]

ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان بڵێ: خوا دەفەرموویت: ئەی بەندەکانم... ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەتان زۆرە، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن، خوا لە هەموو گوناهـ و هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو و لێبوردەیە و زۆر بە سۆز و میهرەبانیشە.



[1] [الزمر: ٥٣]

﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ﴾[١]

هەوڵ بدە بە چاکترین و جوانترین شێوە پاڵ بە هەڵە و نارێکی ناحەزانەوە بنێیت.



[١] [المؤمنون: ٩٦]

﴿حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا﴾[1]

خوامان بەسە (کە لێمان ڕازی بێت)، ئێمە فەرامۆش ناکات لە ئایندەدا هەر پێمان دەبەخشێت لە فەزڵ و زیادە ڕێزی خۆی.



[1] [التوبة: ٥٩]

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾[1]

(ئەی محمد(ﷺ) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر: بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).



[1] [البقرة: ١٨٦]

﴿مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾[١]

ئەوەی بە یەک خێر و چاکەوە هاتبێت ئەوە (دە) چەندانەی چاکەکە پاداشتی بۆ هەیە.



[١] [الأنعام: ١٦٠]

﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾[١]

خوا نوور و ڕووناکی ئاسمانەکان و زەوییە.



[١] [النور: ٣٥]

﴿وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾[1]

لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت کەچی خێر لەوەدا بێت، هەروەها لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت کەچی شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت (خێر لە چی دایە)، ئێوە نایزانن.



[1] [البقرة: ٢١٦]

﴿سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا﴾[1]

سا دڵنیابن کە خوا دوای تەنگانە هەرزانی دەهێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت.



[1] [الطلاق: ٧]

﴿وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾[1]

له ڕزق و ڕۆزی بەهرەوەرمان بکە، هەر تۆی چاکترین ڕۆزی بەخش.



[1] [المائدة: ١١٤]

﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا﴾[١]

وریا بن ژیانی دونیا له‌ خشته‌یان نه‌بات.



[١] [لقمان: ٣٣]

﴿وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ﴾[1]

لەکاتێکدا قیامەت و بەدەست هێنانی بەهەشت چاکترە و بەردەوامیشە (هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ تەمەنی کورتی دونیادا).



[1] [الأعلى: ١٧]

﴿إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ﴾[1]

ئێمە بەڕاستی قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوێکی بە فەڕ و ڕێزدار دا.



[1] [القدر: ١]

﴿وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾[1]

هەمیشە خێر و چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خوادا ببەخشن)چونکە بەڕاستی خوا ئەو چاکە کارانەی خۆشدەوێت.



[1] [البقرة: ١٩٥]

﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾[1]

پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهـ و هەڵەیەکمان لە دەست قەوما،



[1] [البقرة: ٢٨٦]

﴿لَّا إِلَٰهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾[1]

پەروەردگارا هیچ خوایەک نییە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم.



[1] [الأنبياء: ٨٧]

﴿وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ﴾[1]

هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە).



[1] [العصر: ٣]

﴿قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾[1]

(لە وەڵامیاندا) وتی: بەڕاستی من باسی سکاڵا و غەم و پەژارەم هەر بۆ لای خوا دەبەم، ئەوەی من دەیزانم لە لایەن خواوە (لە نەخشە و حیکمەتەکانی، لە پێشهات و ڕووداوەکاندا) ئێوە نایزانن.



[1] [یوسف: ٨٦]

﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا﴾[1]

هیچ گەڵایەک ناکەوێتە خوارەوە خوا پێی نەزانێت،



[1] [الأنعام: ٥٩]

﴿ذَٰلِكَ الْفَضْلُ مِنَ اللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ عَلِيمًا﴾[1]

ئەو ڕێز و بەهرە گەورەیە هەر لەلایەن خواوەیە (بۆ بەختەوەرانە)، خوا خۆی بەسە کە زانایە بە هەموو شتێک.



[1] [النساء: ٧٠]

﴿رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا﴾[1]

ئەوكاتە گوفتاریان تەنها ئەمە بووە کە وتویانە: پەروەردگارا لە گوناهـ و هەڵەکانمان ببورە و لە زیادەڕەوی کاروبارمان خۆش ببە، دامەزراومان بکە، سەرمان بخە بەسەر ئەم گەلە بێباوەڕەدا.



[1] [آل عمران: ١٤٧]

﴿رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ﴾[١]

پەروەردگارا؛ ئەرکێک مەدە بەسەرماندا لە تواناماندا نەبێت.



[١] [البقرة: ٢٨٦]

﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾[1]

ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت (هەر بەراورد ناکرێت).



[1] [البقرة: ١٦٥]

﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ﴾[1]

سوێند به خوا ئێمه چاك دەزانین كه بەڕاستی دڵی تۆ تەنگ دەبێت بەو گوفتارە نابەجێیەی كه خوانەناسان دەیڵێن.



[1] [الحجر: ٩٧]

﴿وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰ﴾[1]

له ئاینده‌دا په‌روه‌ردگارت ئه‌وه‌نده ناز و نیعمه‌تت پێده‌به‌خشێت که زۆر پێی ڕازی و خۆشنوود ده‌بیت.



[1] [الضحى: ٥]

﴿لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ﴾[1]

نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا



[1] [الزمر: ٥٣]

﴿وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِاللَّهِ﴾[1]

(ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەی ئیماندار) خۆگرو ئارامگربەو خۆگری و ئارامگریەکەشت تەنها بەکۆمەکی و یارمەتی خوا دەبێت بەکەسی تر ناکرێت.



[1] [النحل: ١٢٧]

﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ لَكُمُ الدِّينَ﴾[1]

بەڕاستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوەو هەڵی بژاردووە).



[1] [البقرة: ١٣٢]

﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾[1]

ژیانی دونیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نییە.



[1] [آل عمران: ١٨٥]

﴿إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ﴾[١]

بەڕاستی پەروەردگارم لەگەڵدایە و ڕێنموویم دەکات (بۆ ڕزگاری و سەرفرازی).



[١] [الشعراء: ٦٢]

﴿قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ﴾[١]

پەروەردگاری تۆ فەرموویەتی: ئەوکارە لای من زۆر ئاسانە.



[١] [مريم: ٩]

﴿لَّا تَسْمَعُ فِيهَا لَاغِيَةً﴾[1]

لەو شوێنەدا قسە و گوفتارێکی ناخۆش و نابەجێ نا بیستن.



[1] [الغاشية: ١١]

﴿رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي﴾[1]

(ئینجا دەستەکانی بەرز کردەوە و) وتی: پەروەردگارا من بەڕاستی ستەمم لە خۆم کرد، لێم ببوورە و بمبەخشە، جا خوای میهرەبانیش لێی خۆشبوو، بێگومان ئەو زاتێکی لێخۆشبوو میهرەبانە.



[1] [القصص: ١٦]

﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ﴾[1]

(ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیمانداران) بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دهسا شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت.



[1] [آل عمران:٣١]

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَخْفَىٰ عَلَيْهِ شَيْءٌ﴾[1]

بێگومان هیچ شتێک لە خوا ون نابێت نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا.



[1] [آل عمران: ٥]

﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾[1]

ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: هەرگیز لەوە زیاترمان بۆ پێش نایەت جگە لەوەی کە خوا بۆی نوسیووین (هەرچیش بۆمان پێش دێت هەر خێرە بۆمان).



[1] [التوبة: ٥١]

﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا﴾[١]

پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە.



[١] [البقرة: ٢٥٠]

﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾[١]

بێگومان هەر کاتێک فەرمانی خوا دەرچوو ویستی شتێک جێبەجێ بکات و بهێنێتە دی پێی دەڵێت ببە ئەویش دەستبەجێ و بێ دواکەوتن پێش دێت و ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت.



[١] [یس: ٨٢]

﴿وَكَفَىٰ بِاللَّهِ وَكِيلًا﴾[١]

ئەو خوایە بەسە بۆ ئەوەی چاودێر بێت و کاروباری پێ بسپێریت.



[١] [النساء: ١٣٢]

﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ﴾[١]

له شه‌وگاریشدا ته‌سبیحات و ستایشی خوا بکه، هه‌روه‌ها له‌دوای نوێژه‌کانیش.



[١] [ق: ٤٠]

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾[1]

خوایە تەنها هەر تۆ دەپەرستین و هەر لەتۆش داوای یارمەتی و پشتیوانی دەکەین (لە کاروباری دین و دونیاماندا، بە کەسی تر لە بەندەکانت ناکرێت).



[1] [الفاتحة: ٥]

﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾[1]

سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوایە و بۆ خوایە کە خاوەن و پەروەردگاری هەموو جیهانیان و هەموو بوونەوەرە.



[1] [الفاتحة: ٢]

﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا﴾[١]

بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاک و پوختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە.



[١] [الشمس: ٩]

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾[1]

بێگومان ئەمە ڕێبازی منە کە ڕاستە، دە ئێوەش شوێنی بکەون.



[1] [الأنعام: ١٥٣]

﴿وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي﴾[1]

نه بترسه، نه خه‌فه‌تیشی بۆ بخۆ



[1] [القصص: ٧]

﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾[1]

پەروەردگارت بە گەورە بگرە



[1] [المدثر: ٣]

﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[1]

خۆ ئەگەر بێن و بتانەوێت نازو نیعمەتەکانی خوا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێت (لە ئەندامەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆتان و ئەو رزق و ڕۆزیانەی کە دەیخۆن و ئەو پۆشاك و ڕایەخ و ناوماڵەی بەکاری دەهێنن... هتد، سەرەڕای هەزاران هەزار دروستکراوانی تری دیارو نادیار لە جیهانی مادده و ڕووەك و گیاندارو... هتد)، سەرەڕای کەم سوپاسیتان لەو هەموو نازو نیعمەتە بێ شومارە بەڕاستی خوای پەروەردگار هەر لێخۆش بوو میهرەبانە.



[1] [الانعام: ١٨]

﴿فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ ۘ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ﴾[1]

ئەی محمد (ﷺ) قسە و گوفتاری ئەوانە غەمبارت نەکات، چونکە بەڕاستی ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە دەیشارنەوە و ئەوەش ئاشکرای دەکەن.



[1] [يس: ٧٦]

﴿إِن يَنصُرۡكُمُ ٱللَّهُ فَلَا غَالِبَ لَكُمۡۖ وَإِن يَخۡذُلۡكُمۡ فَمَن ذَا ٱلَّذِي يَنصُرُكُم مِّنۢ بَعۡدِهِۦۗ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴾[1]

ئەگەر خوا سەرتان بخات ئەوە هیچ کەس زاڵ نابێ بەسەرتاندا وە ئەگەر یارمەتیتان نەدا(پشتتان بەردات) کێ یە ئەو کەسەی ؟ لە پاش خوا سەرتان دەخات وە با بڕواداران پشت هەر بەخوا ببەستن.)



[1] [آل عمران: ١٦٩]

﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٍّ﴾[1]

جا ئێمە نزامان گیراکرد و بەهاواریەوە چووین و هەموو ناخۆشی و نەخۆشییەکمان لە کۆڵ کردەوە.



[1] [الأنبياء: ٨٤]

﴿فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ ۚ﴾ [1]

ئێمەش بەهانایەوە چووین و ڕزگارمان کرد؛ لەو غەم و پەژارە و تەنگانەیەی کە تێی کەوتبوو.



[1] [الأنبياء: ٨٨]

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ﴾[1]

(ئەی ئیمانداران) کۆڵ مەدەن و ساردمەبنەوە و خەفەت مەخۆن، چونکە هەر ئێوە سەربەرز و سەرفراز و سەرکەوتوون.



[1] [آل عمران: ١٣٩]

﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ ۚ﴾[1]

به فەرمانی خوا نەبێت هیچ خۆشی و ناخۆشییەک پێش نەهاتووە.



[1] [التغابن: ١١]

﴿تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا﴾[1]

داوای تەوبە و پەشیمانی بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، چونکە دڵەکانتان لەخشتە چوو بوو و ترازا بوو.



[1] [التحريم: ٤]

﴿قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ اتَّقَىٰ﴾[١]

بڵێ: ڕابواردنی ژیانی دونیا زۆر کەم و کورتە، ژیانی قیامەت چاکتر و خۆشتر و نەبڕاوەیە بۆ ئەو کەسەی لە خوا دەترسێت و پارێزکارە،



[١] [النساء: ٧٧]

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ ۖ﴾[1]

(دڵنیابە لەوەی) ئەگەر خوا دووچاری زیان و گرفتێکت بکات، ئەوە هەرگیز لابەری نییە جگە خۆی نەبێت.



[1] [الأنعام: ١٧]

﴿وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا﴾[1]

له بەرانبەر گوفتاری ناڕەوای خوانەناسانەوە هەردەم خۆ ڕاگربە و بە شێوازێکی جوان بەجێیان بهێڵە.



[1] [المزمل: ١٠]

﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾[1]

بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتان کە زۆرتر لەخواترسە و فەرمانبەرداری خوایە.



[1] [الحجرات: ١٣]

## له کۆتایی دا دەڵێین:

﴿إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ﴾[1]

بێگومان سەرەنجام گەڕانەوە هەر بۆ لای پەروەردگارە.



[1] [العلق: ٨]

﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا﴾ [1]

خوای گەورە بەڵێنی داوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان، بەوەی کە باخەکانی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت کە چەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات



[1] [التوبة: ٧٢]

﴿إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ﴾[1]

بێگومان پارێزکاران و خواناسان لەناخ و ڕووبار و تاڤگەکاندا ژیانی پڕ لە بەختیاری و کامەرانی هەمیشەیی دەبەنەسەر.



[1] [القمر: ٥٤]